# وانەی٧٢: نانی ژیان

مارقۆس ٦ و یۆحەنا ٦

لە وانەی ڕابردووماندا بینیمان پەروەردگار عیسا لەگەڵ خەڵکان قسەی دەکرد. فێرکردنەکانی بە شێوەی نموونە دەخستە ڕوو کەوا پڕ بوو لە ڕاستی تاهەتایی. بەڵام زۆربەی خەڵکەکە تێنەگەیشتن لە مانای نموونەکان لەبەر ئەوەی دڵیان ڕەق بوو بوو. تەقدیری شتی ئاسمانیان ناکرد، بەڵکو شتی زەمینی. زۆربەی خەڵکەکە شوێنی عیسا نەدەکەوتن لەبەر ئەوەی ڕزگاری دەری گوناهباران بوو، بەڵکو لەبەر ئەو قازانجە جەستەییانە بوو کە لێیان وەردەگرت.

ئێستا دەخوێنینەوە لە ووشەی زیاتر کە پەروەردگار عیسا فەرموویەتی. هەروەها دەبینین چۆن ووتەکانی جێگیر کرد بە ئەنجام دانی نیشانەیەکی ئیعجازی. ناوی وانەی ئەمڕۆمان (نانی ژیان)ـە.

ئێستاش با بەردەوام بین لە پەرتوکی پیرۆز، لە بەشی شەشەمی ئینجیلی مارقۆس دەخوێنینەوە. نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:
(مارقۆس ٦) [٣٠] نێردراوان لە عیسا کۆبوونەوە... [٣١] ئەویش پێی فەرموون: (هەر خۆتان وەرنە شوێنێکی چۆڵ کەمێک پشوو بدەن.)
چونکە ئەوانەی دەهاتن و دەچوون زۆر بوون، دەرفەتی نان خواردنیان نەبوو. [٣٢] ئیتر هەر خۆیان بە بەلەم چوونە شوێنێکی چۆڵ.
[٣٣] بەڵام زۆر خەڵک ئەوانیان بینی و ناسی، لە هەموو شارەکانەوە پێکەوە بە پێیان بەرەو ئەوێ ڕایان دەکرد و پێشیان کەوتن.
[٣٤] کاتێ عیسا دابەزی، حەشاماتێکی بینی و دڵی پێیان سووتا، چونکە وەک مەڕی بێ شوان وابوون. دەستی پێکرد زۆر شتی
فێرکردن.

[٣٥] کاتێ درەنگ داهات، قوتابییەکانی هاتنە لای، وتیان: (ئەم شوێنە چۆڵە و ئێستا کاتیش درەنگە. [٣٦] بەڕێیان
بکە، تاکو بچنە ئەم کێڵگە و گوندانەی دەوروبەر خواردن بۆ خۆیان بکڕن.)

[٣٧] بەڵام وەڵامی دایەوە: (شتێکیان بدەنێ با بیخۆن.) پێیان وت: (ئایا بچین بایی دوو سەد دینار نانیان بۆ بکڕین و بیاندەینێ، تاکو
بیخۆن؟) [٣٨] ئەویش پێی فەرموون: (چەند نانتان هەیە؟ بڕۆن ببینن.) کە زانییان وتیان: (پێنج لەگەڵ دوو ماسی.) [٣٩] ئینجا فەرمانی
پێدان خەڵکەکە کۆمەڵ کۆمەڵ لەسەر سەوزە گیا دابنیشێنن. [٤٠] بە کۆمەڵ دانیشتن، سەد سەد و پەنجا پەنجا.

[٤١] ئینجا پێنج نانەکە و دوو ماسییەکەی هەڵگرت و تەماشای ئاسمانی کرد، سوپاسی کرد و نانەکانی لەتکرد و دایە قوتابییەکانی تاکو
لەبەردەمیان داینێن، دوو ماسیەکەشی بەسەر هەموویان دابەش کرد. [٤٢] جا هەموو خواردیان و تێربوون. [٤٣] پاشان دوازدە سەبەتەی پڕ
لە پەلکەنان و ماسییان هەڵگرتەوە. [٤٤] ئەوانەی لە نانەکەیان خوارد پێنج هەزار پیاو بوون . [٤٥] یەکسەر عیسا قوتابییەکانی ناچار کرد
سواری بەلەمەکە بن و پێشی بکەون بۆ ئەوبەر، بۆ بێتسەیدا، تاکو خۆی خەڵکەکە بەڕێ دەکات. [٤٦] کە خواحافیزی لێکردن، بۆ
نوێژکردن چووە سەر شاخ. [٤٧] کە ئێوارە داهات، بەلەمەکە لەناوەڕاستی دەریاچەکە بوو، عیساش بە تەنها لەسەر وشکایی بوو. [٤٨] کە
بینی بەهۆی سەوڵلێدان ماندوون، چونکە بایەک پێچەوانەیان بوو، لە چوارەم بەتڵی شەودا هاتە لایان، بەسەر دەریاچەکەدا دەڕۆیشت
و ویستی لێیان تێپەڕێت. [٤٩] بەڵام کاتێ بینییان بەسەر دەریاچەکەدا دەڕوات، وایانزانی دێوەزمەیە، جا هاواریان کرد. [٥٠] چونکە هەموو
بینییان و پەشۆکان، ئەو یەکسەر قسەی لەگەڵ کردن: (ورەتان بەرز بێ! ئەوە منم. مەترسن.) [٥١] ئینجا بۆ لایان سەرکەوتە ناو
بەلەمەکە و بایەکە وەستا. جا بە تەواوی سەرسام بوون، [٥٢] چونکە دەربارەی نانەکان تێنەگەیشتن، دڵیان هەر ڕەق بوو. [٥٣] کاتێ
پەڕینەوە، هاتنە خاکی جەنیسارەت و لەنگەریان گرت.

(یۆحەنا ٦) [٢٢] بۆ بەیانی، ئەو خەڵکەی لەوبەری دەریاچەکە ڕاوەستابوون بینییان لە بەلەمێک زیاتر لەوێ نەبوو، عیساش لەگەڵ
قوتابییەکانی سواری بەلەم نەبوو، بەڵکو قوتابییەکانی بە تەنها بەڕێکەوتن... [٢٤] کاتێ خەڵکەکە بینییان نە عیسا لەوێیە و نە

قوتابییەکانی، سواری بەلەمەکان بوون و چوونە کەفەرناحوم، لە عیسا دەگەڕان. [٢٥] کە لەوبەری دەریاچەکە دۆزییانەوە، پێیان وت: (ڕابی، کەی گەیشتییە ئێرە؟) [٢٦] عیسا وەڵامی دانەوە: (ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئێوە داوام دەکەن نەک لەبەر ئەوەی نیشانەتان بینی، بەڵکو لەبەر ئەوەی لە نانەکەتان خوارد و تێر بوون. [٢٧] بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لەناودەچێت، بەڵکو بۆ خۆراکێک کە بۆ ژیانی تاهەتایی دەمێنێتەوە، ئەوەی کوڕی مرۆڤ دەتانداتێ، چونکە ئەمە خودای باوک مۆری لێداوە.)

با کەمێك ڕاوەستین لێرە. بۆچی عیسا بە خەڵکەکەی فەرموو، (بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لەناودەچێت)؟ ئایا ئەوە مانای ئەوەیە نابێ ئیش بکەین بۆ ئەوەی نانی ڕۆژانەمان پەیدا بکەین؟ نەخێر، مانای ئەوە نیە، لەبەر ئەوەی ووشەی خودا هەروەها دەفەرموێ: (ئەوەی حەز نەکات کار بکات، ناخوات.) (٢ سالۆنیکی ٣: ١٠) ئەی باشە عیسا بۆچی فەرموی، (بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لەناودەچێت)؟ ئەوەی عیسا مەبەستی بوو ئەمەیە: ئەگەر تەنها بۆ سك ئیش بکەی و تەنها بە دوای شتی دونیایی بگەڕێی، ئەوا هەموو شتێك لە دەست دەدەی لەبەر ئەوەی جەستەت دەمرێ و دەگەڕێتەوە بۆ خوڵ. بەڵام شتێك هەیە لە جەستەت کە هەرگیز لەناو ناچێ. ئەویش گیانتە. گیانی مرۆڤ تاهەتایە دەمینێ — چ لەو شوێنە خۆشە بێت کە پێی دەڵێن ئاسمان (بەهەشت) یاخود لە شوێنە ناخۆشەکە کە پێی دەڵێن دۆزەخ. لەبەر ئەوە عیسا فەرمووی، (بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لەناودەچێت، بەڵکو بۆ خۆراکێک کە بۆ ژیانی تاهەتایی دەمێنێتەوە!) عیسا ئاوها خەڵکی ئاگادار کردەوە تاکو لە خواردنی لەناوچوو نەگەڕێن، بەڵکو لە ووشەی خودا کە هەرگیز لەناو ناچێ. لەبەر ئەوەی، (مرۆڤ تەنها بە نان ناژییێت، بەڵکو بە هەر وشەیەک کە لە دەمی خوداوە دەردەچێت.) (مەتا ٤: ٤ و وتەکان ٨: ٣)

بەداخەوە، زۆربەی ئەو کەسانەی لە دەوری عیسا بوون نە گرنگییان دەدا بە ووشەی خودا و نەباوەڕیان بەو کەسە هەبوو کە خودا ناردویەتی! پڕ کردنی سکیان بە خواردن زۆر گرنگتر بوو لایان لە پڕ کردنی دڵەکانیان بەو ڕاستییەی کە دەتوانێ ڕزگاریان بکات لە دادوەری خودا. لەبەر ئەوە عیسا پێیانی فەرموو، (یۆحەنا ٦) [٢٧] بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لەناودەچێت، بەڵکو بۆ خۆراکێک کە بۆ ژیانی تاهەتایی دەمێنێتەوە... [٢٨] بۆیە پێیان وت: (چی بکەین تاکو کارەکانی خودا بکەین؟) [٢٩] عیسا وەڵامی دانەوە: (کاری خودا ئەمەیە: باوەڕ بهێنن بەوەی ناردوویەتی.)

گوێت لە وەڵامی عیسا بوو؟ نەوەیەکی ئادەم، کە بە گوناه لەدایك بووە، چۆن دەتوانێ دڵی خودا خۆش بکات؟ ئایا دەتوانین ئیش و کردەوەی وا بکەین کە دڵی خودا خۆش دەکات؟ ئایا دەتوانین بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆمان ڕزگار بکەین لە هێزی شەیتان و گوناه و ئاگر؟ ئایا دەتوانین ئەو دڵە تەواو و پاکە بەرهەم بێنین کە خودا داوای دەکات؟ هەرگیز! ئەی باشە نەوەیەکی ئادەم چۆن دەتوانێ دڵی خودا خۆش بکات؟ پەروەردگار عیسا چی دەفەرموێ دەربارەی ئەم شتە؟ فەرمووی، (کاری خودا ئەمەیە: باوەڕ بهێنن بەوەی ناردوویەتی.) هەرگیز هیچ کەسێك ناتوانێ دڵی خودا خۆش بکات تاکو باوەڕ نەهێنێ بە ڕزگاری دەری پیرۆز کەوا خودا ناردی.

بە داخەوە، زۆربەی خەڵکەکە باوەڕیان نەبوو کە عیسا ئەو ڕزگاری دەرەیە کە خودا ناردی. لەبەر ئەوەی پێیان ووت، (یۆحەنا ٦)
[٣٠] ئەوانیش پێیان وت: (چ نیشانەیەک دەکەیت تاکو ببینین و باوەڕت پێ بکەین؟ چی دەکەیت؟ [٣١] باوباپیرانمان لە چۆڵەوانی مەنیان خوارد، وەک نووسراوە: {لە ئاسمانەوە نانی دانێ تاکو بیخۆن}.) [٣٢] عیساش پێی فەرموون: (ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: موسا نەبوو نانەکەی لە ئاسمانەوە دانێ، بەڵکو باوکمە لە ئاسمانەوە نانی ڕاستیتان دەداتێ. [٣٣] چونکە نانی خودا ئەوەیە کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە و ژیان دەبەخشێتە جیهان.) [٣٤] بۆیە پێیان وت: (گەورەم، هەموو کاتێ ئەو نانەمان بدەرێ.) [٣٥] عیساش پێی فەرموون: (منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت!)

عیسا بەم ووشانە دەفەرموو: وەك چۆن خودا خواردنی لە ئاسمانەوە ناردە خوارەوە بۆ ماوەی چل ساڵ بۆ گەلی ئیسرائیل تاکو لە دەست و کێودا لە برسا نەمرن، بە هەمان شێوە بۆ (خواردنی) بۆ هەموو نەوەکانی ئادەم نارد کەوا ژیانی تاهەتایی دەبەخشێ تاکو لەناو گوناهماندا لەناو نەچین!

ئەم (خواردنە) لە کوێیە؟ ئایا هیچ خواردنێك هەیە لەسەر زەوی کەوا ئەگەر بیخۆی ئەوا تاهەتا لە حزووری خودا دەژێی؟ نەخێر! خواردنی وا نیە! ئەی ئەم (خواردنە) چییە کە ژیانی تاهەتایی دەبەخشێ؟ پەروەردگار عیسا چی فەرموو؟ فەرمووی، (یۆحەنا ٦)
[٣٥] عیساش پێی فەرموون: (منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت.
[٣٦] بەڵام پێم وتن، منتان بینیوە و باوەڕیش ناهێنن. [٣٧] هەر کەسێک باوکم دەیداتە من دێتە لام، ئەوەش بێتە لام، هەرگیز دەری ناکەم... [٤٠] چونکە خواستی باوکم ئەمەیە: هەر کەسێک کوڕەکە ببینێت و باوەڕی پێ بهێنێت ژیانی تاهەتایی دەبێت، منیش لە ڕۆژی دوایی هەڵیدەستێنمەوە.) [٤١] جولەکەش بۆڵەبۆڵیان لەسەر دەکرد، چونکە فەرمووی: (منم ئەو نانەی لە ئاسمانەوە دابەزیوە.) [٤٢] وتیان: (ئەمە عیسای کوڕی یوسف نییە، کە دایک و باوکی دەناسین؟ ئێستا چۆن دەڵێت (لە ئاسمانەوە دابەزیوم)؟)

[٤٣] عیساش وەڵامی دانەوە و پێی وتن: (لە ناوەخۆتان بۆڵەبۆڵ مەکەن)... [٤٥] لە سپیارەی پێغەمبەراندا نووسراوە: {هەموو لە خوداوە فێر دەبن}. جا ئەوەی لە باوکەوە بیستبێتی و فێربووبێت دێتە لام. [٤٦] کەس باوکەکەی نەبینیوە جگە لەوەی لە خوداوەیە، ئەوە باوکەکەی بینیوە. [٤٧] ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم: ئەوەی باوەڕ بهێنێت ژیانی تاهەتایی هەیە. [٤٨] منم نانی ژیان. [٤٩] باوباپیرانتان لە چۆڵەوانیدا مەنیان خوارد و مردن. [٥٠] ئەمە ئەو نانەیە کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە، تاکو ئەوەی لێی بخوات نەمرێت. [٥١] منم ئەو نانە زیندووەی کە لە ئاسمانەوە دابەزیوە. ئەگەر یەکێک لەم نانە بخوات بۆ تاهەتایە دەژییێت...

[٦٠] بۆیە زۆر لە قوتابییەکانی کە گوێیان لێبوو، وتیان: (ئەم قسەیە گرانە! کێ دەتوانێت وەری بگرێت؟)

[٦١] عیسا لە دڵی خۆیدا زانی قوتابییەکانی بەهۆی ئەمەوە بۆڵەبۆڵ دەکەن، پێی فەرموون: (ئەمە ساتمەتان پێ دەکات؟ [٦٢] ئەی ئەگەر ببینن کوڕی مرۆڤ بەرزببێتەوە بۆ ئەو شوێنەی یەکەم جار لێیبوو؟! [٦٣] ڕۆحی پیرۆز ژیان دەدات، بەڵام جەستە بە کەڵک نایەت. ئەو قسانەی پێم وتن ڕۆح و ژیانن. [٦٤] بەڵام هەندێکتان باوەڕ ناکەن.) چونکە عیسا لە سەرەتاوە ئەوانەی دەناسی کە باوەڕ ناهێنن، هەروەها کێیە ئەوەی بە گرتنی دەدات...

[٦٦] لەو کاتەوە زۆر لە قوتابییەکانی گەڕانەوە و ئیتر لەگەڵی نەدەگەڕان. [٦٧] بۆیە عیسا بە دوازدەکەی فەرموو: (ئەی ئێوە ناتانەوێ بڕۆن؟) [٦٨] شیمۆن پەترۆس وەڵامی دایەوە: (گەورەم، بچینە لای کێ؟ وشەکانی ژیانی تاهەتایی لەلای تۆیە. [٦٩] ئێمەش باوەڕمان هێنا و زانیمان کە تۆ پیرۆزەکەی خودایت.)

بەو شێوەیە، زۆربەی قوتابییەکان وازیان هێنا و چی دی لەگەڵ عیسا نەدەڕۆیشتن لەبەر فێرکردنە زەحمەتەکانی. بەڵام، لەنێوان ئەوانەی شوێنی عیسا دەکەوتن هەندێك هەبوون کە بەجێی ناهێڵن، لەبەر ئەوەی قەناعەتیان هەبوو کە عیسا مەسیحە و ئەو کەسە پیرۆزەیە لەلای خوداوە — نانی ژیان — (خۆراکی ڕاستەقینە) کەوا ژیانی تاهەتایی دەبەخشێ!

بەڵێ، بەو شێوەیەیە. هەر کاتێك کە زانیت عیسا بە ڕاستی کێیە و چۆنە و چی بۆت کردووە، ئەو کاتە هەرگێز ڕازی نابیت بە گەورەیەکی تر! تەنها عیسا سەرچاوەی ژیانی تاهەتاییە. تەنها ئەو ئەو دڵانە ڕازی دەکات کەوا برسین بۆ بێ گومانی لە ڕزگاربوون و پەیوەندییێکی نزیك لەگەڵ خودا.

ئەی دەربارەی تۆ؟ ئایا تۆش برسی و تینوویەتی بۆ ژیانی تاهەتایی؟ ئایا پەرۆشی بۆ ئەوەی متمانەت هەبێ بەرامبەر خودا لێرە لەسەر زەوی و لە ژیانی داهاتوو؟ مادام وایە بیر لەم داواتە مەزنە بکەوە لەلایەن پەروەردگار عیسای مەسیح کە دەفەرموێ، (وەرن بۆ

لام ئەی هەموو ماندووان و بارگرانەکان، من دەتانحەسێنمەوە...منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت!) ئامین! (مەتا ١١: ٢٨ ، یۆحەنا ٦: ٣٥)

بۆ جاری داهاتوو بەردەوام دەبین لە ئینجیل و دەخێنین چۆن خەڵکان دابەش بوون لەبەر عیسا.

خوداش بەرەکەتدارت بکات کاتێ تۆ ئەم ووشانەی پەروەردگار عیسا دێتەوە یاد:

(منم نانی ژیان. ئەوەی بێتە لام هەرگیز برسی نابێت، ئەوەش باوەڕم پێ بهێنێت هەرگیز تینووی نابێت!) (یۆحەنا ٦: ٣٥)



# گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە؟

١. بۆچی عیسا بە خەڵکەکەی فەرموو، (بۆ خۆراکێک ئیش مەکەن کە لەناودەچێت)؟ ئایا ئەوە مانای ئەوەیە نابێ ئیش بکەین بۆ ئەوەی نانی ڕۆژانەمان پەیدا بکەین؟

٢. ئایا دەتوانین بە شێوەیەك لە شێوەکان خۆمان ڕزگار بکەین لە هێزی شەیتان و گوناه و ئاگر؟

٣. ئایا دەتوانین ئەو دڵە تەواو و پاکە بەرهەم بێنین کە خودا داوای دەکات؟

٤. نەوەیەکی ئادەم چۆن دەتوانێ دڵی خودا خۆش بکات؟ پەروەردگار عیسا چی دەفەرموێ دەربارەی ئەم شتە؟

٥. ئەی ئەم (خواردنە) چییە کە ژیانی تاهەتایی دەبەخشێ؟ پەروەردگار عیسا چی فەرموو؟

٦. ئایا تۆش برسی و تویێنی بۆ ژیانی تاهەتایی؟

٧. ئایا پەرۆشی بۆ ئەوەی متمانەت هەبێ بەرامبەر خودا لێرە لەسەر زەوی و لە ژیانی داهاتوو؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)
Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011
ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.
**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org